# پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی لە گوتاری سیاسیدا
# گوتاری چوار لایەنی سیاسیی هەرێمی کوردستان بە نموونە

د. چۆلی اسعد جراد

choli.asaad@spu.edu.iq

مامۆستا، بەشی تەکنیکی میدیا، پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٤/١ ڕەزامەندی بڵاو کردنەوە : ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە (پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی لە گوتاری سیاسیدا (گوتاری چوار لایەنی سیاسیی هەرێمی کوردستان بە نموونە))، بە ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری کار لەسەر دیاریکردنی ئەو پاتکردنەوانە دەکات کە لە گوتاری پارتە سیاسییەکاندا ڕەهەندی نەتەوەییان هەیە و بە ئامانجی رازیکردنی وەرگری گوتار وەک ئارگیومێنت بەکارهاتوون، بەتایبەت لەو گوتارە سیاسییانەی بە شێوەی زارەکی ئاراستەدەکرێن. چونکە پاتکردنەوە بە گشتی لە گوتاری سیاسیدا ڕۆڵی ئارگیومێنتی لە دروستکردنی کاریگەریدا دەبینێت و بە مەبەستی کارتێکردن و ڕازیکردن بەکاردەهێندرێت، بەڵام کە پاتکردنەوەکە لە گوتاری سیاسیدا ڕەهەندی نەتەوەیی وەردەگرێت دەشێت کاریگەرتر بێت. زمان و ڕەوانبێژیش تەنیا خۆیان لە گەیاندنی واتا و تێگەیشتنیدا نابیننەوە، بەڵکو پێویستە نێرەر بەشێوازی دەربڕینی خۆی مەبەستەکەی ئاوێتە بکات، هەروەک دەشزانرێت زمانی دەربڕین و ڕەوانبێژی تەنیا بۆ چێژبەخشین بەکارنایەن، بەڵکو بۆ کاریگەریی دروستکردن و رازیکردن پەنایان بۆ دەبرێت. پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەییش بە یەکێک لە دیارترین ئەو شێوازانە دادەنرێت. لەم توێژینەوەیدا، پشت بە تیۆری شیکردنەوەی گوتار بەستراوە و بایەخ بە دەستنیشانکردنی پاتبوونەوەی ڕەهەندە نەتەوەییەکانی گوتارە بە نموونە وەرگیراوەکان دراوە، هەروەها لە گوتاری سیاسیدا، پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی زمانی، ئەرکی کاریگەری و رازیکردن دەبینێت.

**کلیلە وشەکان:** گوتاری سیاسی، ئارگیومێنت، میکانیزمە ئارگیومێنتییەکان، ڕەهەندی نەتەوەیی

## ٠- پێشەکی

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی لە گوتاری سیاسیدا (گوتاری چوار لایەنی سیاسیی هەرێمی کوردستان بە نموونە)یە، لەم توێژینەوەیەدا، گوتاری سیاسی چوار لایەنی سیاسی (بەشێوەی زارەکی) لە دیداری تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ هەریەک لە (سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ، وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان، وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و وتەبێژی کۆمەڵی دادگەریی کوردستان) بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (ئۆکتۆبەری ٢٠٢١) بەنمونە وەرگیراون. دەقی گفتوگۆی دیدارەکان ڕاستەوخۆ لە دیداری

تەلەڤزیۆنی وەرگیراون و تۆمارکراون و نووسراونەتەوە، پاشان ژمارە دراوە بە گوتنەکانیان بە مەبەستی شیکردنەوەیان. کاریگەریی پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی لە گوتارە سیاسییەکاندا دەستنیشان دەکات، بۆ دیاریکردنی ڕێژەی بەکارهێنانی پاتبوونەوەی ڕەهەندە نەتەوەییەکان لە گوتارەکاندا. پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی، لە گوتاری سیاسیدا ناشێت تەنیا بە شێوازە ڕەوانبێژییە چێژبەخشە نەریتییەکەی بەکاربهێندرێت، بەتایبەتی کاتێک لە شێوەی گوتارێکی زارەکی پێشتر ئامادەنەکراودا ئاراستە دەکرێت.

**١-٠ گرفتی توێژینەوەکە:**

گرفتی توێژینەوە خۆی لەو پرسیارەدا دەبینێتەوە، کە ئایا پاتکردنەوە ڕەهەندی نەتەوەیی لە گوتاری سیاسیدا، کە بە شێوازی زارەکی ئاراستەدەکرێن و دەقێکی پێشتر ئامادەکراویان نییە، وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی ڕۆڵ دەبینێت، یان هەر وەک شێوازێکی ڕەوانبێژی بەکاردەهێندرێت و پشتی پێدەبەسترێت، ئەم توێژینەوەیە چەند پرسیارێک دەوروژێنێت:

١- ئایا پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی بە میکانیزمێکی ئارگیومێنتی هەژمار دەکرێت؟

٢- پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی لە گوتاری سیاسیی لایەنە سیاسییە جیاوازەکاندا لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بە هەمان ئاست و ڕێژە پەنای بۆ دەبرێت؟

٣- بەکارهێنانی پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی چی بە گوتاری سیاسی دەبەخشێت؟

٤- بۆچی پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی لە گوتاری سیاسیی زارەکیدا گرنگە؟

**٢-٠ گرنگیی توێژینەوەکە:**

لە سەردەمی جۆراوجۆریی ئەو گوتارانەی ئاراستە دەکرێن، بەتایبەت ئەو گوتارە سیاسییانەی بە شێوەی زارەکی دەردەبڕدرێن، لێکەوتەی زیاتریان لەسەر وەرگر بۆ ڕازیکردنیان هەیە، پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەییش لەو جۆرە گوتارانەدا ڕۆڵێکی ئارگیومێنتی لە کاریگەریکردندا دەبینن. وەک چەمکێکیش لە بواری کۆمەڵایەتی و دەروونی و تەنانەت سیاسیشدا بە فراوانی ڕۆڵ دەبینێت. لە بواری سیاسەت و ئاراستەکردنی گوتاریشدا بە مەبەستی ئارگیومێتیی کارتێکردن و ڕازیکردن بەکاردەهێندرێت. دەتوانرێت هۆشیارییەکی زیاتر بۆ بەکارهێنانی ئەم چەمکە دروستبکات، هەروەک بەراوردی جیاوازیی بەکارهێنانی ئەم جۆرە لە پاتبوونەوە وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی لە گوتاری لایەنە سیاسییەکاندا دەستنیشان بکات. سەرەڕای ئەوەش، دەشێت وەک سەرچاوەیەک لە بواری ئارگیومێنت و شیکردنەوەی گوتاردا سودی لێ ببیندرێت.

**٣-٠ ئامانجی توێژینەوەکە:**

نیشاندانی بوونی پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەییە، وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی لە گوتاری سیاسیی زارەکیی لایەنە سیاسییەکاندا و دەستنیشانکردنی ئامارییانەی پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەییە، کە لە پێناو ڕازیکردنی وەرگر بە ناوەرۆکی گوتاری سیاسی لەلایەن خاوەن گوتارەوە بەکاردەهێندرێن.

**٤-٠ ڕێبازی توێژینەوەکە:**

بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری و ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری ئەنجامدراوە و پشت بە تیۆری شیکردنەوەی گوتار

sjh@univsul.edu.iq

بەستراوە. بۆ دەستنیشانکردنی پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی وەک میکانیزمێک، ناوەڕۆکی (دەقی گوتارەکە) تۆمارکراوە و نووسراوەتەوە و پاشان هەموو وەڵامەکان وەک گوتنێک ژمارەیان دراوەتێ، گراف و خشتەی ئامارە بەدەستهاتووەکان، بە بەرنامەی (SPSS) کاریان لەسەرکراوە و بەراوردکراون.

**٠-٥ کۆمەڵگە و مشتەی تویژینەوە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوە، بریتییە لە گوتاری سیاسی (هەڵمەتی بانگەشە) بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی (١٠/١٠/٢٠٢١). گوتاری سیاسیی (شاسوار عبدولواحید- سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ، مەحموەد محەمەد - وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان، (ئەمین بابەشێخ - وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و محەمەد حەکیم- وتەبێژی کۆمەڵی دادگەریی کوردستان) لە دیداری تەلەڤزیۆنیدا (دیداری تایبەت)ی کەناڵەکانی سەربە لایەنە سیاسییەکان (لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا) بە نموونە وەرگیراون. سنووری لێکۆڵینەوەکەش ڕێژە و ئاستی ئارگیومێنتی پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی لایەنەکان دەگرێتەوە.

**٠-٦ گریمانەی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی ئەوە دەکەین:

١- گوتاری سیاسیی زارەکی پێویستی بە پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی هەیە و بەکاردەهێندرێت تاوەکو کاریگەربێت و بە مەبەستەکەی بگات.

٢- لە گوتاری سیاسیدا، پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی دەبێت بە ئارگیومێنتی سەلمێنەری کاریگەر بۆ ڕازیکردنی وەرگر بە ناوەڕۆکی گوتارەکە.

**١- بەشی یەکەم: لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە**

**١-١ ئارگیومێنت:**

لە زمانی ئینگلیزیدا، زاراوەی Argue ئاماژە بە بوونی جیاوازی لە نێوان دوو لایەن و هەوڵی هەر یەکێکیان بۆ ڕازیکردنی ئەوەی دیکەیان بە دید و بۆچوونەکانی لە ڕێگای پێشکەشکردنی هۆکارەکان یان گرفتەکان دەدات، کە پێیوایە بەڵگەی پاڵپشت و بەرگریکارە لە بیرۆکەیەک، یان ڕایەک یان ڕەفتارێک (Longman: 1989, 78-79). کەواتە، ئارگیومێنت ڕێکارێکە، بە هۆیەوە کەسێک بە بەکارهێنانی بەڵگە دەیەوێت وەرگرەکانی هەڵوێستێکی دیاریکراو بنوێنن، بە مەبەستی دەرخستنی ئەو هەڵوێستە، یان دروستیی بنەماکانی، واتا پرۆسەیەکە ئامانجی ڕازیکردنی ئەوی دیکە و کارلێکردنیەتی، ئامرازەکەشی بەڵگەیە (ابو الزهراء، ٢٠٠٣: ٥).

پێرلمان و تیتیکا، لە پێناسەی ئارگیومێنتدا دەڵێن: ئارگیومێنتسازی، لێکۆڵینەوەیە لە میکانیزمەکانی گوتار، کە کار لەسەر وەرگر دەکات بۆ قبوڵکردنی ئەوەی پێیدەوترێت، یان ئاستی ئەو قبوڵکردنەوەی بەرزتر دەکاتەوە (صولة: ٢٠٠٧، ٢٧). بەلای (ستیفان تۆلمین)ەوە شێوەی بەڵگەهێنانەوەیە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، بەدوای ئەو هەوڵانەدا دەگەڕێت کە ئارگیومێنتساز بۆ سەلماندنی پرسێکی دیاریکراو هەوڵی بۆ دەدات (محەمەد، ٢٠٢١: ٣٠). لەم تێگەیشتنەوە، هەموو گوتارێک دەیەوێت لە ڕێگەی میکانیزمە ئارگیومێنتییەکانەوە هەڵوێستێک بچەسپێنێت و کاریگەری دروستبکات، میکانیزمەکانی ئارگیومێنت زۆر فراوانترن و دەچنە بازنەی ستراتیژییەتی گوتارەکانەوە و بەشێکی گرنگی ناوەڕۆک و

پێکهاتەکانیان پێکدەهێنن (محمد و دزەیی، ٢٠٢٠: ٥٦٠).

**١-٢ میکانیزمەکانی ئارگیومێنت:**

ئەو میکانیزم و تەکنیکانە دەگرێتەوە، کە نێرەری گوتار بۆ پێکهێنانی ئارگیومێنتەکەی و گەیشتن بە مەبەستەکەی و ڕازیکردنی بەکاری دەهێنێت. پێرلمان و تیتیکا، پێیانوایە ئەو میکانیزمانەی گوتارن، کە وا لە وەرگر دەکەن زیاتر بڕوات پێبکات (محمد و دزەیی، ٢٠٢٠: ٥٦٠) و دوو جۆر یان ڕێگا دەکەن، کە بریتین لە پەیوەستکردن (وصل/liaison)، کە مەبەست لێی ڕێگاکانی پەیوەستکردن و پەیوەندیی دروستکردن و لێکنزیککردنەوەی ئەو ڕەگەزانەن کە لە بنەڕەتدا لەیەک دوورن (صولة، ٢٠٠٧: ٣٢). ڕێگای جیاکردنەوە (فصل/dissociation)، مەبەست لەم ڕێگایە جیاکردنەوەی نێوان ڕاستی و دەرکەوتنی ڕەگەزەکانی بابەتێکە (Van Eemeren: 2014، 282). بەلای پێرلمان و تیتیکاوە، فۆرمی زمانییش بەهای ئارگیومێنتی جێگیری دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش چەند دەستەواژەیەکی زمانیی گوزارشتکەر ئاماژەیان پێکراوە لە کات و ڕاناوەکان و دەستەواژەکانی پاتکردنەوە وەک وێنەیەکی ڕەوانبێژی (صولە، ٢٠١١: ٣٨-٤٠). (دیکرۆ و ئەنسکۆمبێر) باس لە میکانیزمە نیمچە لۆژیکییەکان دەکەن، کە خۆیان لە ئامرازە زمانییەکاندا دەبیننەوە (العزاوي، ٢٠٠٦ : ١٩). بە گوێرەی تیۆرەکەی دیکرۆ، بەستەری نێوان پێکهاتە وتەییەکان (دەربڕاو و وشەکان) بەرهەمهێنەری ئارگیومێنتین، چونکە ئارگیومێنتە زمانییەکان هێزی ئارگیومێنتیی جیاوازیان هەیە (دیکرو، ٢٠٢٠: ١٩). بەڵام لای میشێل مایەر، ئارگیومێنتی لێپرسینەوە پشت بە ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژی و بەتایبەت میتافۆر دەبەستێت، مایەر پێیوایە، ئەو ئاخاوتنە ئارگیومێنتییانەی پشت بە شێوازی جیاواز دەبەستن، بەهێزتر و باڵاترن لە پلەی ئارگیومێنتیدا (صدیق، ٢٠١٨: ٥٦٤٠). بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنانی زمانیش لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانکارییەش پەیوەستە بە دەوروبەر و باری دەروونی و بیرکردنەوە و جیهانبینی کەسەکانەوە، (سلێمان، ٢٠٢٢: ٧٣). لەم چوارچێوەیەشدا، خواستن، پرسیارکردن، لێکچواندن، پاتکردنەوە، درکە و میتافۆر و ... شێوەکانی دیکەی ڕەوانبێژی، ڕێگەی بەڵگەهێنانەوەی ئارگیومێنتین و هێزی کاریگەری دروستکردن و ڕازیکردنیان هەیە.

**١-٣ پاتکردنەوە و ئەرکەکەی:**

پاتکردنەوە، لە بابەتی ڕێزمانییدا، پەیوەستە بە جەختکردنەوەی وتەییەوە و بە یەکێک لە میکانیزمەکانی بەهێزکردنی واتا و بەرزکردنەوەی بەهای دەق دادەنرێت. کە باس لە پاتکردنەوە دەکرێت، مەبەست لە پاتکردنەوەی مەبەستدارە، بە زۆرییش مەبەست لێی جەختکردنەوە یان ڕەتکردنەوەیە، بۆ سەرنجراکێشانی وەرگر بۆ بابەتێک بەکاردێت (الجمعاوي، ٢٠١٣: ٣٨). لەبەرئەوە پاتکردنەوەی مەبەستدار بەشێکە لە زمان پاراویی سوود بەخش، چونکە دەشێت پاتکردنەوە تەنیا دەربڕینێکی ئاسایی بێ مەبەست بێت، هەروەک دەشێت ئاخێوەر هەندێک دەستەواژەی دیاریکراو، کە لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا ڕەهەندێکی دیاریکراویان هەیە، بەمەبەست لە گوتارەکەیدا بە شێوازی جیاجیا پاتبکاتەوە.

لە ڕووی ئەرکەوە، پاتکردنەوە لە زۆرینەی بوارەکاندا کاردەکات، هەروەک ستیفانی ئۆراس Stéphanie Orace سەبارەت بە پاتکردنەوە دەڵێت: پاتکردنەوە حەربای زمانییە، چونکە دەتوانێت خۆی لەگەڵ بوارە جیاوازەکاندا بگونجێنێت و لەناو چەمکەکانیاندا بەدیبکرێت، ئەمەش وادەکات فرمانی جۆراوجۆری هەبێت، وەک سەرنجراکێشانی وەرگر، گەیاندنی زانیاریی نوێ، بیرخستنەوە، جەختکردنەوە، فریودان بەمەبەستی فریودان و بەلاڕێدابردن لە ڕێی ڕەوانبێژیی

و زمان پاراوییەوە و وریاکردنەوە لە مەترسییەکان (بڕوانە: خیرة، ٢٠١٥: ٤٩)

**١-٤ پاتکردنەوەی ئارگیومێنتی:**

پاتکردنەوە بە میکانیزمێکی زمانیی وروژێنەر و سەرنجڕاکێش هەژماردەکرێت، دەشێت پاتکردنەوەی بۆچوون، یان پەیام ببێتە هۆی گۆڕینی ئاراستەی گشتی بەرەو هەر پرسێک، یان بابەتێک (رفيق، ٢٠١٤: ١١٠). پاتکردنەوە تەنیا بۆ چێژبەخشین بە وەرگر بەکارناهێندرێت، بەڵکو بۆ مەبەستی ئارگیومێنتییش بەکاردەهێندرێت (كمال، ٢٠١٨: ١١٦)، لەبەرئەوە بە یەکێک لە میکانیزمە زمانییەکانی ئارگیومێنتسازی دادەنرێت، بۆ جەختکرنەوە لەو بیرۆکەیەی مەبەستە بگەیەنرێت و کاریگەری دروستبکات (صولە، ١٩٩٨: ٣١٨). باربارا جۆنسۆن کۆچ " Koch. J. B" ڕۆڵ و ستراتیژیەتی ڕەوانبێژیی (ستراتیژیەتی رازیکردن بە پاتکردنەوە) بە داڕشتنەوە " Rephrasing" و پۆشینەوە بە وشەی جیاواز ناو دەبات (عمارية، ٢٠١٥: ٣١). ئەمەش ڕۆڵێکی ئارگیومێنتی گرنگی پێدەبەخشێت، کە ئاخێوەر لە پێشکەشکردنی بەڵگەکانیدا وەک پاڵپشتێکی بنەڕەتی لە قازانجی بۆچوونەکانی پەنای بۆ دەبات (دريدي، ٢٠١١: ١٦٨).

پاتکردنەوە توانایەکی زۆری لەسەر دڵ و مێشکی وەرگر و خزمەتکردن بەو پرسەی ئاخێوەر دەیخاتەڕوو دەبێت، ئەگەر بە باشی بەکاربهێندرێت (مصدق، ٢٠٢٠: ٢٢٧). کاتێکیش تەماشای بەکارهێنانی پاتکردنەوە لە ئارگیومێنتدا دەکەین، تووشی چەندین جیاوازی لە بەها و ئەرکی پاتکردنەوە لە گوتاردا دەبین، چونکە سەرەتا یارمەتیدەرە بۆ ئاگادارکردنەوە و تێگەیشتن و پاشانیش یارمەتی ئاخێوەر دەدات بۆ چەسپاندنی بۆچوون، یان بیرۆکەکە لە مێشکی وەرگردا، (دريدي، ٢٠١١: ١٦٨). چونکە وەک دەزانرێت، ئەو ئاخێوەرەی چەند جارێک وشە و دەستەواژەکانی تایبەت بە بابەتێکی دیاریکراو پاتدەکاتەوە، لە ڕووی کاریگەری دانانەوە جیاوازە لەو ئاخێوەرەی ئەو کارە ناکات.

**١-٥ گوتاری سیاسی:**

گوتاری سیاسی، گوتارێکە لەلایەن کەسێک، یان گروپێک، یان پارتێکی سیاسییەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێک لەسەر بنەمای بیردا ئاراستەدەکرێت، نێرەر بایەخ بە بیرۆکە وەک بنەمای سەرەکی دەدات (الشهري، ٢٠٠٤: ١٤٩)، مەبەست لە گوتاری سیاسی هەژموون پەیداکردن و بەدیهێنانی بەرژەوەندیی و ئەنجام و ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتییە بەرەو ئەو ئامانجە، لە ڕێی ئامرازە زمانییەکانەوە، بەهۆی ئەوەی بە مەبەستێک و ئامانجێکی سیاسیش بەکاردێت، بە گوتارێکی تایبەت هەژماردەکرێت (توفيق و مستەفا، ٢٠٢١: ٢٣). هەر گوتارێکی سیاسی کەرەستە و ڕێباز و مەبەستی خۆی هەیە، چەندین پەیامی لەناوخۆیدا هەڵگرتووە و لەلایەن کەسایەتییەک، چەند کەسێک، پارتێکی سیاسی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەکاردەهێنرێن، دەسەڵاتی سیاسییش بە بەرهەمهێنەری گوتاری سیاسی دادەنرێت، واتا داڕشتنی هەر گوتارێکی سیاسی دەسەڵاتێکی سیاسی لە پشتەوەیە، لەبەرئەوەیە دەگوترێت کە گوتاری سیاسی لە دەسەڵات جیاناکرێتەوە، بەڵکو پەیوەندییەکی تەواوکاریی پێکەویان دەبەستێتەوە، هەر گوتارێکی سیاسیش ڕەنگدانەوەی بیر و ئایدۆلۆژیای بەرهەمهێنەری گوتارەکەیە (محەمەد، ٢٠١٦: ٧١). فیلیپ بروتۆن بەم شێوەیە پێناسەی دەکات؛ چالاکییەکی مرۆییە، چەندین شێوازی پەیوەندیکردن و ئامرازی جۆراوجۆر بە ئامانجی ڕازیکردنی کەسێک، بیسەرێک، یان جەماوەرێک بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێک، یان بەشداریکردن لە بۆچوونێکدا دەگرێتەبەر (Breton: 1998, 3) گوتاری سیاسی، کار بۆ ڕەوایەتیدان بە مەبەست و ئامانجەکانی خۆی دەکات، هەروەک کار بۆئەوە دەکات ڕەوایەتی بەو ئامراز و ڕێبازەش

sjh@univsul.edu.iq

بدات، کە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەکاریان دەهێنێت، ئایدیۆلۆجیا و سیاسەت و مەبەستەکانی هەر کەس و لایەن و گروپێک بەڕوونی لە گوتارەکانیاندا ڕەنگدانەوەیان هەبێت.

**٦-١ پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی وەک میکانیزمێک لە گوتاری سیاسیدا:**

پاتکردنەوە بە گشتی تایبەتمەندیی دیاری لە پێکهاتەی زمانی گوتاردا هەیە، وەک چۆن کار بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی یەکەکانی دەق بۆ پاراستنی ڕیزبەندیی بابەتەکان دەکات، بە ئاستێکی واتایی و پراگماتیکییش دادەنرێت. لە دیارترین سیماکانی زمانی گوتاری سیاسییە، لەبەر ئەمەشە بە یەکێک لە ڕێگاکانی پێشکەشکردنی گوتار بە شێوازێکی ئارگیومێنتی هەژماردەکرێت، بۆ ئەمەش زۆرجار گوتاری سیاسی پەنا بۆ پاتکردنەوەی ئەو ئامرازە زمانییانە دەبات، کە ڕەهەندێکی دیاریکراویان هەیە، چونکە بە یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر هۆشیاریی جەماوەر دادەنرێت. سیاسییەکان لە گوتارەکانیاندا پەنا بۆ پاتکردنەوەی چەمک و دەستەواژەکان، یان ڕستە و بیرۆکەی دیاریکراو دەبەن (عروس، ٢٠٢٢: ٣٧٦)، لە پێناو سەرنجراکێشانی وەرگری دیاریکراو لە بۆنە و پێگە دیاریکراوەکاندا، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو وشە و چەمک و دەستەواژانەی ڕەهەندی نەتەوەییان هەیە لە گوتاری سیاسیدا بە گوێرەی دۆخی سیاسی کۆمەڵێکی دیاریکراو هەڵگری واتا و لێکەوتەی جیاوازدەبن، هەروەک چۆن ڕێژەی پاتبوونەوەشیان لە گوتارێکی دیاریکراودا و هەروەها بەراوردیشیان بە گوتاری ئەوانی دیکە دەگۆڕێت و بە پێی مەبەستی ئاخیوەرەکەش کاریگەرییەکەی دەگۆڕێت.

پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی، خۆی لە ڕێژەی پەنابردن و بەکارهێنانی و کاریگەری دروستکردن لە وەرگر و گەیشتن بە ڕازیکردنیدا بە پرسە دەرخراوەکە دەبینێتەوە، بەواتایەکی تر، ئەرکی چەندێتی پاتکردنەوە لە دروستیی بۆچوونە پاتکراوەکەدا دەپێچرێتەوە، کە مەبەست لێی جەختکرنەوەیە لەسەر ئارگیومێنتەکە، چونکە کاتێک پاتکردنەوە دەچێتە بواری ڕۆڵ بینینەوە، ئەوا توانای کاریگەرییەکەی زیاتر دەبێت و ڕازیکردن بەدوای خۆیدا دەهێنێت (خیرة، ٢٠١٥: ٨).

سوودبینین لە ئەرکی پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی لە ڕازیکردندا، وا لە ئاخێوەردەکات هەرکاتێک هەستیکرد دەوروبەرەکە بەگوێرەی دۆخە سیاسییەکە پێویستی بە جوڵاندنی هەستی نەتەوەیی خەڵک هەیە، بە گونجاندن لەگەڵ مەبەستە تایبەتییەکەی خۆیدا لە بەرهەمهێنانی گوتاردا پەنای بۆدەبات، ئەمەش بەهۆی ئەوەی پاتکردنەوەی ڕەهەندە سیاسییە نەتەوەییەکە لە پێگەی مەبەستداریدایە، لەبەرئەوەش پێویستدەکات بە شێواز و دەربڕینی جیاواز گوزارشت لە بۆچوونەکە بکرێت، لەسەر ئەو بنەمایەش پاتکردنەوەکە کاریگەر و ڕازیکەر دەبێت (عمارية، ٢٠١٥: ٣٢). توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن، کە یەکێک لە ڕێگاکانی ئارگیومێنتکردن پشتبەستنە بە پاتکردنەوە، بۆ تیشکخستنە سەر بیرۆکەیەکی دیاریکراو بەمەبەستی و کاریگەری (کمال، ٢٠١٨: ١١٦). پاتکردنەوەش لەسەر چەند ئاستێکدا ڕەهەندە پەیوەندییەکەی دەردەکەوێت، کە بریتین لە ئاستی ئاخێوەر، ئاستی وەرگر/ بیسەر، ئاستی دەوروبەر/ پێگە و ئاستی پەیام، سێ ئاستی یەکەم حوکم لەسەر بەکارهێنانی ئەم میکانیزمە دەکەن(عمارية، ٢٠١٥: ٣٣-٤٠). ئاخێوەر لەبەر چەند هۆکارێک پەنا بۆ پاتکردنەوە دەبات، وەک؛ سەلماندنی توانای پەیوەندیی بەستن، کە تیایدا پاتکردنەوە بە شێوەیەکی پلان بۆدانراو دەبێت. ئامانجیش لە پاتکردنەوە وەرگرە، کە دەشێت لە هەستکردن بە نزمیی ئاستی درککردن بێت، یان دوو دڵی، بە پاتکردنەوەی وشەیەک، یان دەستەواژەیەک، یان واتاکەی، گەرەنتی گەیشتنی پەیامەکەی دەکات، بەمەش پاتکردنەوە دەبێت بە شێوازێک لە شێوازەکانی سەرنجراکێشانی زیاتر، هەروەک دەرفەتی باشتر بە وەرگر دەدات بۆ ئەوەی لە پەیامە بگات و وەری بگرێت، لە دۆخی دوودڵیشدا پاتکردنەوە واتایەک بەسەر واتایەکی دیکە زاڵ دەکات. هەروەها پێگەی

sjh@univsul.edu.iq

پەیوەندییکردن ڕۆڵێکی گرنگ لە پەنابردن بۆ پاتکردنەوە دەبینێت، بەتایبەت هەست بەوەکرا کە پرۆسەی پەیوەندییکردن ئاسان نابێت و پێویست بە دڵنیاییدان دەکات. وەک پەیامیش، پاتکردنەوە پەیوەستی و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پەیام دەبێت، لە هاوسەنگیی ئاوازی زمان و موزیکی دەربڕین، کە لێکەوتەی باشی لەسەر وەرگر دەبێت.

## ٢- بەشی دووەم: لایەنی پراکتیکیی توێژینەوەکە

### ٢-١ پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی لە گوتاری لایەنەکاندا

دیاریکردنی چوار گوتار بۆ مەبەستی شیکردنەوە، چەند هۆکارێکی هەبوو، کە وەک مەرجی لۆژیکیی دەستنیشانکران و بوون بە پێوەر بۆ دیاریکردنی گوتارێک بەمەبەستی شیکردنەوە، لەوانە؛ پێویستبوو گوتاربێژ لە هەمان ئاستدابێت (سەرۆک/ وتەبێژ) ئەگەر وتەبێژی لایەنێک دیداری تەلەڤزیۆنی بە مەرجەکانی توێژینەوەکەی سازنەکردبێت ئینجا کەسی یەکەمی لایەنەکە وەرگیراوە، پێویست بوو گوتارەکە بە زارەکی ئاراستە کرابێت و لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١)دا بێت، چونکە مەبەست بوو گوتارەکە زارەکی بێت و پێشتر نەنووسرابێتەوە، بۆ ئەوەی توانای ئاسایی گوتاربێژ ڕۆڵ ببینێت لەبەرهەمهێنانی گوتاردا، لەو ماوەیەی دەستنیشانکرابوو تەنیا ئەو چوار لایەنە لەسەر ئاستە دیاریکراوەکەدا دیداری تەلەڤزیۆنیی هاوشێوەیان سازکردبوو، کە بۆ بابەتی توێژینەوە بگونجێت، هەروەها لە لایەنەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بن لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە کاریگەری لەسەر جۆر و ڕێژەی بەکارهێنانی میکانیزمە ئاگیومێنتییەکە دەبێت.

وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، لە گوتاری لایەنەکاندا بە مەبەستی جیاواز پەنایان بۆ بەکارهێنانی ئەو دەستەواژە و چەمکانە بردووە، کە ڕەهەندی نەتەوەییان هەیە:

- **"...** خودی شێوازی یاساکە جیاوازییەکی زۆری هەیە، وە تایبەت بۆ ئێمەی کورد... کورد خاڵی بەهێزی هەیە، بەس لەدەستیداوە، وەنییە؟ قۆناغ بە قۆناغ پێگەی کورد لە بەغدا لاواز بووە، دیارە یەعنی بە پێی ئەو ڕووداوانەی کە هاتنە پێش، پێش مەسەلەن شەڕی داعش، وە دوای شەڕی داعش، پێش ریفراندۆم و دوای ریفراندۆم، ئەمانە کۆمەڵە قۆناغێکن پێگەی کورد گۆرانکارییان بەسەردا هاتووە **".** (محەمەد حەکیم، ٢٠٢١/٩/١٢).

لەم نموونەیەدا، ئاخیوەر تەنیا لەم گوتنەدا چەند جارێک دەستەواژەکانی (ئێمەی کورد، کورد خاڵی بەهێزی هەیە، پێگەی کورد، پێگەی کورد) کە ڕەهەندی نەتەوەییان هەیە بەکاردەهێنێت و تیایدا هەستی نەتەوەیی خۆی ڕادەگەیەنێت و دەیەوێت لە ڕێی پاتکردنەوەی ئەم جۆرە داستەواژە نەتەوەییانەوە سەرنجی وەرگر ڕابکێشێت و کاریگەری لەسەر دروست بکات و ئاماژەی ئەوە بە وەرگر بدات کە لەگەڵ ئەوەی لە بنەڕەتدا وەک لایەنێکی سیاسی هەڵگری بیری ئایینییە، بەڵام پرسە نەتەوەییەکان و خەمی نەتەوەیی بەشێکی دانەبڕاوی پێکهێنەری گوتارەکەیانە، بەتایبەتی کە لەناو بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدان.

- **"**چۆن بتوانن تەعریبی کەرکوک بکەن، بەڵام سەری نەگرت، وە سەریش ناگرێت، چونکە ئەمە کورد لەوەدا خۆی یەکلا کردۆتەوە ... ئەنفال، کیمیاباران، تەرحیل، تەبعیس، وە گۆڕی بە کۆمەڵ لە پێناوی کۆمەڵێک مافی نەتەوەیی و نیشتمانی دراون... لەدوای هەڵبژاردن پارتی لێبوردەبووە لەو مەوزوعانە، لە پێناوی بەرژەوەندیی نیشتمانی و نەتەوەیی بووە**..."** (مەحمود محەمەد، ٢٠٢١/٩/١٩)

sjh@univsul.edu.iq

بەکارهێنانی دەستەواژەکانی (کورد خۆی یەکلاییکردۆتەوە، مافی نەتەوەیی، بەرژەوەندیی نەتەوەیی ..) ڕەهەندی نەتەوەییان هەیە، خاوەن گوتار ئاماژە بە هەستی نەتەوەیی خۆی دەکات و وەک میکانیزمیکی کاریگەریی دروستکردن بۆ ڕازیکردنی وەرگر بەکاریان دەهێنێت.

- بەڵێنی ئێمە یەک شتە، هێزێکی ئازا ئەبین، کۆمەڵێ کەسی ئازا ئەنێرینە بەغداد کە بەردەوام بیر لە بەرژەوەندی کورد بکەنەوە ... ئەمن قابیلە دژی میلەتەکەی خۆم بم؟ ئێستا ئەگەر هێزێک هەبێ لە بەغا داوای مافی کوردکا، قابیلە لەبەرئەوەی ئەم هێزە فڵانە ئێتر ئێمە بڵێین ڕێک عەکسی ئەو دەنگ ئەیەین؟ دژی ئەوانین، نەخێر، بەس ئەوەی کەموشکیلەکە ئەوەیە ئەوەی ئەم هاوپەیمانێتییەی کە جەنابت باسی ئەکەی هاوپەیمانی پارەیە، هاوپەیمانی کۆمپانیاکانە، هاوپەیمانی کۆمپانیای فڵان و فیسارە، هاوپەیمانی کوردی نییە، ئەوەی پێشیوایە ئەم هێزی یەکێتی و پارتی یەکەگرن بۆ مەسڵەحەتی کورد پێموایە کەسێکی فەقیرە بەداخەوە دوای سی ساڵ لە یەکیتی و پارتی تێنەگەیشتووە، بەڵام بۆ قسەکەی جەنابت هەچ مەوقیفێ هەبێ خزمەتی کورد بکا ئێمە لەگەڵیاین**"**. (شاسوار عەبدولواحید، ٢٠٢١/٩/٢٢)

بەکارهێنانی دەستەواژەکانی (بەرژەوەندیی کورد، میللەتەکەی خۆم، مافی کورد، هاوپەیمانیی کوردی، مەسڵەحەتی کورد، خزمەتی کورد..)، ڕەهەندیی نەتەوەییان هەیە، پاتکردنەوەیان بە فۆرم و واتای جیاواز و بۆ نیشاندانی مەبەستی نەتەوەیی خۆیەتی لە کاریگەری دروستکردن لەسەر وەرگر و ڕازیکردنیان.

- **"**مە گەلەک پێ خۆشە کورد گەلەک کورسیا ل وێرێ بینن هەمی ئەو کورسیێت کو تێنە تەقدیر کرن ل دەڤەرێن کوردا، بۆ کوردا بن، کورد وان دەنگان بینن.. ئارمانجا سەرەکی وێ هەڤپەیمانی ئێک ڕێزیا میللەتێ کوردە**..".** ( ئەمین بابەشێخ، ٢٠٢١/١٠/٧)

بەکارهێنانی (کورد، دەڤەرێن کوردا، بۆ کوردا، کورد وان دەنگان، میللەتێ کورد..) لەو دەربڕینانەن کە دەربڕی ڕەهەندی نەتەوەیین و خاوەن گوتار بەمەبەستی کاریگەری و ڕازیکردنی وەرگری گوتار ئاراستەی کردوون و لە چوارچێوەی گوتارەکەیدا پاتیکردوونەتەوە.

دیاریکردنی پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی لە گوتارەکاندا، لەسەر بنەمای هەژمارکردنی سەرجەم ئەو گوتنانەیە لە گوتارەکەدا، کە گوزارشت لە ڕەهەندی نەتەوەیی دەکەن و هەریەک لە گوتارەکان چەندجار پەنایان ئەو چەمک و دەستەواژە زمانییانە بردووە، کە ڕەهەندی نەتەوەییان هەیە، بەو واتایەی چەند پاتکردنەوەیان هەیە، نەک چییان وتووە.

خشتەی ژمارە (١) پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی لە گوتاری سیاسیی هەر چوار لایەنەکە دەخاتەڕوو، کە ژمارەی گوتنەکان و ژمارەی کۆی گوتنەکانی هەر لایەنێک و پاتبوونەوەی ئەو چەمک و دەستەواژانەی ڕەهەندی نەتەوەییان هەیە لە هەر گوتارێکدا و ڕێژەی سەدیی پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی هەر گوتارێک لە کۆی گوتارەکەدا دەخاتەڕوو.

بەپێی خشتەی ژمارە (١)، ژمارەی کۆی گوتنەکانی لایەنەکان لە نێوان (٣٢٨-٣٩٩) گوتندایە و ژمارەی گوتنەکانی (کۆمەڵی دادگەریی کوردستان) بەرزترین ژمارەی هەیە و گوتاری (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) نزمترین ژمارەی گوتنی هەیە. هەروەک،گوتاری (کۆمەڵی دادگەریی کوردستان) زۆرترین پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی هەیە و گوتاری (پارتی دیموکراتی کوردستان)یش نزمترین پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی تیادا بەدی دەکرێت.

| ز | خاوەن گوتار | کۆی گوتنەکان | ژمارەی ئەو گوتنانەی ڕەهەندی نەتەوەییان هەیە | پاتبوونەوە | ٪ لە گوتارەکە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پ. د. ک | ٣٣٢ | ٥٦، ٧٨، ١٧٩، ٢١٦، ٣٠٧ | ٥ | ١.٥ |
| ٢ | نەوەی نوێ | ٣٦٣ | ٥٣، ٥٨، ٥٩، ١٢٩، ١٣٠، ١٤٩، ١٥٣، ١٦٦، ١٧٤، ١٧٦، ١٧٩، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢، ١٨٣، ١٨٤ | ١٦ | ٤.٤ |
| ٣ | ی. ن. ک | ٣٢٨ | ٦٤، ١١٤، ١١٥، ١٢٦، ٢٢٠، ٢٤٢ | ٦ | ١.٨ |
| ٤ | کۆمەڵی دادگەری | ٣٩٩ | ٥، ٩، ١٣، ٢٩، ٦١، ٦٢، ٦٣، ٦٤، ٧٩، ٨٧، ٨٩، ٩٠، ٩١، ٩٨، ١٠٠، ١٠١، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٩، ١١٠، ١١١، ١١٢، ١١٣، ١١٤، ١١٥، ١١٦، ١١٧، ١١٨، ١١٩، ١٢٠، ١٢٢، ١٢٣، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٧، ١٢٨، ١٣٤، ١٣٧، ١٣٨، ١٤٠، ١٤٣، ١٦٩، ٢١٤، ٣٣٨، ٣٣٩، ٣٩٥ | ٥٠ | ١٢.٥ |


خشتەی ژمارە (١) ژمارەی گوتن و کۆی گوتن و پاتبوونەوە و ڕێژەی سەدیی پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی گوتارەکان

**٢-٢ پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان:**

پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی لە گوتاری سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چەند گوتنێکدا بەدیدەکرێت، وەک: (مەحمود محەمەد، ٢٠٢١/٩/١٩)

- "..نەهێڵێت پلان و پیلانی دوژمنان بەرامبەر بە مافەکانی خەڵکی کوردستان وە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان سەربگرێت..".
- "..کۆمەڵێک مافی دیکەی کە تاکو ئێستا بۆ کوردستان لە ڕووی نەتەوەیی لە ڕووی نیشتمانی لە ڕووی خزمەتگوزاری لە ڕووی دابینکردنی میزانیە و...".
- "کورد لەوەدا خۆی یەکلا کردۆتەوە، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەوانەی پەیڕەوی ڕێبازی بارزانین".
- "ئەم هەموو ئەنفال، کیمیاباران، تەرحیل، تەبعیس، وە گۆڕی بە کۆمەڵ لە پێناوی کۆمەڵێک مافی نەتەوەیی و نیشتمانی دراون".

لە گوتاری (پ. د. ک)دا (٥) پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی لە کۆی گوتارەکەدا بەکارهاتووە. بە شێوەیەک لە کۆی (٣٣٢) سێ سەد و سی و دوو گوتنی گوتارەکەدا، تەنیا لە پێنج گوتندا پەنا بۆ ڕەهەندی نەتەوەیی وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی براوە. کە ڕەهەندی نەتەوەیی بە ڕێژەی (١.٥٪)ی گوتنەکانی کۆی گوتارەکە پێکدەهێنێت.





گرافیی ژمارە (١) ڕێژەی سەدیی ڕەهەندی نەتەوەیی لە گوتارەکەدا

**٢-٣ پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی گوتاری جوڵانەوەی نەوەی نوێ:**

پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی لە گوتاری سیاسیی (جوڵانەوەی نەوەی نوێ) لە چەند گوتنێکدا بەدیدەکرێت، وەک: (شاسوار عەبدولواحید، ٢٠٢١/٩/٢٢)

- "ئەگەر خەڵکی تریش هەبێ بیر لە مەسڵەحەتی کورد بکاتەوە ئێمە تەشجیعیان ئەکەین".
- "ئەمانەوێ مەسەلەن ئەو میزانیە و شتەی کە مەفروزبوو چەند ساڵ بناردرایە بۆ پێشمەرگە زەختێ بکەین".
- "یەکڕیزی کورد بە قسە نابێت".
- "من پێموایە یەکڕیزی کورد ئەوەیە لە هەرێمی کوردستان حکومەتێکی مەعقوڵت هەبێ".
- "پەرلەمانەکە تەمسیلی هەموو کورد ناکات".

بە پێی خشتەکە ڕەهەندی نەتەوەیی بە (١٦) پاتبوونەوە لە کۆی گوتاری جوڵانەوەی نەوەی نوێدا بەکارهاتووە. بە شێوەیەک لە کۆی سێ سەد و شەست و سێ گوتنی گوتارەکەدا، لە شانزە گوتندا پەنا بۆ ڕەهەندی نەتەوەیی وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی براوە، ڕێژەی (٤.٤٪)ی گوتنەکانی کۆی گوتارەکە پێکدەهێنێت.





گرافیی ژمارە (٢) ڕێژەی سەدیی ڕەهەندی نەتەوەیی لە گوتاری نەوەی نوێدا

**٤-٢ پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی لە گوتاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان:**

پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی لە گوتاری سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە چەند گوتنێکدا بەدیدەکرێت، وەک (ئەمین بابە شێخ، ٢٠٢١/١٠/٧):

- "بۆ مە وەکو کورد نەک هەر یەکێتی بەڵکو لایەنێن دیێ سیاسی..".
- "مە گەلەک پێ خۆشە کورد گەلەک کورسیا ل وێرێ بینن".
- "هەمی ئەو کورسیێت کو تێنە تەقدیر کرن ل دەڤەرێن کوردا، بۆ کوردا بن، کورد وان دەنگان بینن".
- "ئارمانجا سەرەکی وێ هەڤپەیمانی ئێک ڕێزیا میللەتێ کوردە".
- "گەلەک خزمەتا میللەتێ کورد دێ دکەت".

بە گوێرەی خشتەکە پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی بە (٦) پاتبوونەوە لە کۆی گوتارەکەدا بەکارهاتووە. بە شێوەیەک لە کۆی سێ سەد و بیست و هەشت گوتنی گوتارەکەدا، لە شەش گوتندا پەنا بۆ ڕەهەندی نەتەوەیی براوە و وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی، کە ڕەهەندی نەتەوەیی بە ڕێژەی (١.٨٪)ی گوتنەکانی کۆی گوتارەکە پێکدەهێنێت.





گرافیی ژمارە (٣) ڕێژەی سەدیی ڕەهەندی نەتەوەیی گوتار

**٢-٥ پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی لە گوتاری کۆمەڵی دادگەریی کوردستان:**

پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی لە گوتاری سیاسیی کۆمەڵی دادگەریی کوردستان لە چەند گوتنێکدا بەدیدەکرێت، وەک (محەمەد حەکیم، ٢٠٢١/٩/١٢):.


- "بەغداد بۆ هەموو هێزێکی سیاسی عێراقی بەتایبەت بۆ کورد گرنگیی خۆی هەیە".
- " قورسە جارێکی کە ئێمە هێزی کوردی هەموو بەیەکەوە لە بەغدا یەک لیستیان هەبێ".
- "کورد خاڵی بەهێزی هەیە، بەس لەدەستیداوە، وەنییە؟".
- "دایم لە کوێ مافی گەلی کورد وە شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان لە بەغدا باسی لێوە کرابێ، ... نوێنەرانی کۆمەڵی دادگەری داکۆکیکەربوون".
- " حەزدەکەین لەوێ کورد ئەوەی دەگاتە ئەوێ هەر لایەنێک ئەندام پەرلەمانەکان ئەکرێ لەسەر هەندێ مەبادیء ڕێککەون یەک دەنگ بن..".

بە پێی خشتەکە لە کۆی (٣٩٩) گوتنی گوتارەکەدا، ڕەهەندی نەتەوەیی (٥٠) پاتبوونەوە لە گوتاری کۆمەڵی دادگەریدا هەیە و ڕێژەی (١٢.٥٪)ی گوتنەکانی کۆی گوتارەکە پێکدەهێنێت.




گرافیی ژمارە (٤) ڕێژەی سەدیی ڕەهەندی نەتەوەیی لە گوتاری کۆمەڵی دادگەریدا

**٦-٢ بەراوردی بەکارهێنانی ڕەهەندی نەتەوەیی لای لایەنە سیاسییەکان:**




گرافیی ژمارە (٥) ژمارە و ڕێژەی سەدیی ڕەهەندی نەتەوەیی لایەنەکان

بەگوێرەی گرافیی ژمارە (٥)، گوتاری کۆمەڵی دادگەریی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی وەک لایەنێکی سیاسی ئیسلامی خۆی ناساندووە و تەنانەت پێشتر ناوی (کۆمەڵی ئیسلامی) بوو، لەناو گوتاری لایەنە بەنموونە وەرگیراوەکاندا بە (٥٠) پەنجا بەکارهێنانی چەمک و دەستەواژەی ڕەهەندی نەتەوەیی و بە ڕێژەی (١٢.٥٪)ی کۆی گوتارەکە بەرزترین ژمارە و ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاریگەریی پێگەی ڕەهەندی نەتەوەیی لای جەماوەر لە دیدی خاوەن

گوتارەوە، کە بەشێکە لە هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەران لە عێراق نەک بۆ پەرلەمانی کوردستان. یان گریمانەی ئەوە دەکرێت کە نیشانی بدات، کە بە هۆی دیدی ئایینییەوە دیدە نەتەوەییەکە فەرامۆش ناکات و لە ڕێگەیەوە کاریگەری دروست بکات. گوتاری جوڵانەوەی نەوەی نوێ بە بەکارهێنانی (١٦) پاتبوونەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی و بە ڕێژەی (٤.٤٪)ی کۆی گوتارەکە لە پلەی دووەمدا دێت، دەشێت بەلای گوتارەکەوە ئەم ڕێژەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ڕەهەندی نەتەوەیی لای وەرگر جێی بایەخە و گرنگیدان بە ڕەهەندی نەتەوەیی کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەی جەماوەر هەبێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە هەردوو لایەنی یەکەم و دووەم لە دوو لایەنی دەرەوەی پێکهێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانن و مەبەستیان بێت بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر هەموو ئاستەکانی گوتار لەناویشیاندا لایەنی نەتەوەیی کار لەسەر بیرکردنەوەی جەماوەر بکەن، بەتایبەتی کە بەشێک لە دەنگدەران لە ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کوردستاندان. لە پلەی سێیەمدا گوتاری (ی. ن. ک) دێت کە بە (٦) پاتبوونەوە و بەڕێژەی (١.٨٪) لە پلەی سێیەمدایە و گوتاری (پ. د. ک)یش بە (٥) بەکارهێنان و بە ڕێژەی (١.٥٪) لە چوارەمی بەکارهێناندایە، دەشێت ئاستی بایەخپێدانی لایەنی سێیەم و چوارەم کە دوو لایەنی سەرەکی پێکهێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانن بە ڕەهەندی نەتەوەیی بۆ دڵنیایی و لە خۆڕابینینیان بگەڕێتەوە بە دەنگی دەنگدەران و لەو ڕوانگەیەوەبێت کە لە ڕێی کارکردنیان لە ناو حکومەتەوە کاریگەرییان لەسەر خەڵک هەبووبێت.

**ئەنجام:**

١- لە گوتاری سیاسی زارەکیدا، پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی زمانی ئەرکی کاریگەری و ڕازیکردنی وەرگر دەبینێت و لایەنەکان پەنای بۆدەبەن.

٢- پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی هێزی کارتێکردن و سەرنجڕاکێشان و هەڵوەستەلەسەرکردن بە گوتاری سیاسی دەبەخشێت و پاڵنەرێکی باشە بۆ جێگیرکردنی پەیامی خاوەن گوتار لە مێشک و بیری وەرگردا.

٣- لە گوتاری سیاسیی لایەنەکانی دەرەوەی پێکهێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە گوێرەی ئامارە بەدەستهاتووەکان، بە ڕێژەی بەرزتر (کە بەسەریەکەوە کۆمەڵی دادگەری و نەوەی نوێ (٦٦) جار) بەراورد بە لایەنە سەرەکییەکانی پێکهێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان (ی. ن. ک و پ. د. ک (١١) جار) پەنا بۆ بەکارهێنانی پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی وەک میکانیزمێکی ئارگیومێنتی دەبرێت لە بەرهەمهێنانی گوتاری سیاسیدا.

٤- لە گوتاری سیاسیی کۆمەڵی دادگەریدا، ڕەهەندی نەتەوەیی بەرزترین ئاستی پاتبوونەوەی هەیە، کە (٥٠) بەکارهێنان و بەڕێژەی (١٢.٥٪)ە، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە لە تێگەیشتنی نێرەری گوتارەکەدا، بیری نەتەوەیی بە خاڵی بەهێزی دەنگدەری وەرگر دادەنرێت بۆ ڕازیکردن، داتاکانیش دەیسەلمێنن، کە پاتکردنەوەی ڕەهەندی نەتەوەیی میکانیزمێکی کاریگەری ئارگیومێنتی گوتاری سیاسی کۆمەڵی دادگەریی کوردستانە و بە مەبەستی کاریگەری و ڕازیکردن پەنای بۆ دەبرێت.

**پێشنیاز:**

١- پێشنیاز دەکەین، توێژەران لە ئاستی نامە و تێزی (ماستەر و دکتۆرا)دا توێژینەوە لە کاریگەرییەکانی ڕەهەندی نەتەوەیی لە هێز و لایەنە سیاسییەکان بکەن و فراوانتر لەم لایەنە بکۆڵنەوە.

٢- توێژەران لە هەموو ئاستە زانستییەکاندا، لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە کاریگەرەکانی دیکەی وەک (ئایینی، نیشتمانی، ڕۆشنبیریی..) لە گوتاری لایەنە سیاسییەکاندا بکەن و لە بەرەوپێشبردنی هۆشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا کاریگەرتربن لە خزمەتکردنی کۆمەڵدا.

**سەرچاوەکان:**


- بە کوردی:

- سلێمان، ئاسۆس ئەنوەر (٢٠٢٢)، ئەرگۆمێنت لە گوتاری سیاسی کوردیدا- بانگەشەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بە نموونە، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.
- محەمەد، بەهار زایەر (٢٠٢١)، میکانیزمەکانی ئەرگۆمێنت لە داڕشتنی هەواڵدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.
- محمد، بەهار زایر و دزەیی، عبدلواحد مشیر (٢٠٢٠)، لۆژیک وەک میکانیزمێکی ئەرگۆمێنتی لە داڕشتنی هەواڵ دا {ئۆنلاین}، گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ، بەرگی ٨، ژمارە ٤.
- محەمەد، دەشتی بەهجەت (٢٠١٦)، لێڵی لە گوتاری سیاسیی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- توفیق، قەیس کاکل و مستەفا، چیا عەلی (٢٠٢١)، توندی و نیانی لە گوتاری سیاسیدا، گۆڤاری توێژەر/ بەرگی ٤/ (١)، ٧-٦٨.

٢- بە عەرەبی:

- العزاوي، ابوبكر (٢٠٠٦)، التحاجج طبيعته ومجالاته ووظائفه، منشورات كلية الاداب والعلوم الانسانية بالرباط، تنسيق: حمو النقاري، دار البيضاء - المغرب.
- ابو الزهراء (٢٠٠٣)، دروس الحجاج الفلسفي، مكتبة الخانجي، القاهرة.
- عروس، اسيا (٢٠٢٢)، التكرار في الترجمة الفورية للخطاب السياسي، مجلة اشكالات في اللغة والادب{اونلاين}، مجلد ١١ عدد ١، الجزائر.
- ديكرو، ازفالد (٢٠٢٠)، السلميات الحجاجية، ت: ابوبكر العزاوي{اونلاين}، فاس-المغرب.
- رفيق، امينة (٢٠١٤)، بلاغة الخطاب المكتوب{اونلاين}، اطروحة دكتوراه، جامعة محمد خيضر، الجزائر.
- الجمعاوي، انور (٢٠١٣)، استراتيجيات الحجاج في المناظرة السياسية، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسية، قطر.
- عمارية، حاكم (٢٠١٥)، تقنية التكرار من منظور الوظيفة الحجاجية الاتصالية{اونلاين}، مجلة كلية العلوم والتكنلوجيا – العدد الثاني- سبتمبر.
- خيرة، خرفي (٢٠١٥)، حجاجية التكرار في اليادة الجزائر{اونلاين}، رسالة الماجستير، جامعة وهران، الجزائر.
- كمال، الزماني (٢٠١٨)، حجاجية التكرار في الخطب السياسية لامام علي رضي الله عنه، مجلة (لغة - كلام)- مختبر اللغة والتواصل – المركز الجامعي بغليزان، الجزائر
- الدريدي، سامية (٢٠١١)، الحجاج في الشعر العربي، عالم الكتب الحديث، اربد-الاردن.
- صوله، عبدالله (٢٠٠٧)، الحجاج في القرآن الكريم، دار الفارابي، بيروت - لبنان.

- صوله، عبدالله (٢٠١١)، في نظريات الحجاج، مسكيلياني للنشر والتوزيع، تونس.
- صوله، عبدالله (١٩٩٨)، الحجاج آطره ومنطلقاته من خلال مصنف في الحجاج الخطابة الجديدة لبرلمان وتيتيكا، ضمن اهمية نظرية الحجاج في التقاليد الغربية من ارسطو الى اليوم{اونلاين}، جامعة الآداب والفنون والعلوم الإنسانية، تونس.
- الشهري، عبدالهادي بن ظافر (٢٠٠٤)، استراتيجيات الخطاب، مقاربة تداولية، دار الكتاب المتحدة، بيروت-لبنان.
- مصدق، محمد الامين (٢٠٢٠)، اليات الحجاج في مناظرات الشيخ احمد ديدات{اونلاين}، اطروحة دكتوراه، جامعة محمد خضر بسكرة، الجزائر.
- صديق، منتصر نبيه محمد (٢٠١٨)، سلطة النص وآليات الحجاج قراءة في نونية أبي إسحق الإلبيري، مجلة الدراسات العربية- المجلد 37، العدد 10، المصر.

٣- به ئینگلیزی:

- Breton ,Philippe (1998), L'argumentation Dans la communication. Editions du Casbah, Alger.
- Longman (1989) dictionary of contemporary English, Longman; Revised edition Publisher.
- Van Eemeren, F. H., Grootendorst, R., & Kruiger, T. (2014). Handbook of argumentation theory. In Handbook of Argumentation Theory. De Gruyter Mouton. Springer Dordrecht Heidelberg New York.

٤- سەرچاوەی نمونە و گوتارەکان:

- مەحموود محەمەد (٢٠٢١/٩/١٩)، دیداری تایبەت، کەناڵی KTV {ئۆنلاین}.
- https://www.facebook.com/watch/live/?ref=watch_permalink&v=595886618247998

- شاسوار عەبدولواحید ( ٢٠٢١/٩/٢٢)، دیداری تایبەت، کەناڵی NRT {ئۆنلاین}.

https://www.facebook.com/Xwendn.larussiau/videos/1463929607313521

- ئەمین بابە شێخ (٢٠٢١/١٠/٧) دیدارا تایبەت، تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان{ئۆنلاین}.

https://www.gksat.tv/barnamakan_details.aspx?jimare=24&barnama=9738

- محەمەد حکیم (٢٠٢١/٩/١٢)، دیداری تایبەت، کەناڵی پەیام {ئۆنلاین}.

https://www.peyam.net/Shows-episode.aspx?type=14&jimare=3524 -

**Abstract**:

This study (Repetition of The ethnic Dimension as an Argumentation Mechanism in Political Discourse (the Discourse of the Four Political Parties in the Kurdistan Region for example)) works through statistical analysis to identify the repetitions that have an ethnic dimension in the discourse of political parties used, especially in oral political discourses are directed. Because repetition generally plays an argumentative role in political discourse and is used to influence and persuade, However, when the affirmation takes on an ethnic dimension in political discourse, it can be more effective. Language and rhetoric do not find themselves solely in conveying meaning and understanding. Instead, the sender must combine his or her way of expressing his or her intention, As is well known, expressive language and rhetoric are not only used for pleasure but also creative and persuasive effects. Repetition of The ethnic Dimension is considered one of the most obvious of these methods. In this study, relying on the discourse analysis theory, attention was paid to identifying the recurrence of ethnic dimensions of discourses in the samples taken. In this study, relying on the grounded theory of discourse analysis, attention was paid to identifying the reinforcement of the ethnic dimensions of the sampled discourses. In political discourse, the affirmation of the ethnic dimension as a mechanism of linguistic argument also sees the function of influence and persuasion.

Keywords: political discourse, argumentation, argumentative mechanisms, ethnic dimension.

sjh@univsul.edu.iq